# ئەوانەی ڕۆژوو بەتاڵ ئەکەنەوە

ئەو شتانەی ڕۆژوو بەتاڵ ئەکەنەوە دوو بەشن:

یەکەم: ئەوەی بەتاڵی ئەکاتەوە و تەنها گرتنەوەی ڕۆژووەکە پێویست ئەکات.

دووەم: ئەوەی بەتاڵی ئەکاتەوە وگرتنەوە و کەفارەت پێویست ئەکات.

ئەمما ئەوەی ڕۆژوو بەتاڵ ئەکاتەوە و تەنها گرتنەوەی پێویستە ئەمانەن:

(١و٢) خواردن و خواردنەوە بە قەستی:

بەڵام ئەگەر کەسێك لە یادی نەبوو، یا بە هەڵە، یا زۆری لیّ کرا شتێکی خوارد یا خواردی‌یەوە، ئەوە نەگێڕانەوەی لەسەرە نە کەفارەت.

لە ئەبوهورەیرەوە ﷺ هاتووە دەفەرمووێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (مَن نَسِي ـ وَهُو صَائِمٌ ـ فَأكَلَ أو شَرِبَ، فَليُتِمَّ صَومَهُ، فَإنَّمَا أطعَمَهُ اللهُ وَسَقَاهُ) (رواه الجماعة). واتە: کەسێك لە یادی نەبوو ـ لە کاتێکدا بەڕۆژوو بوو ـ شتێکی خوارد یا شتێکی خواردەوە، با ڕۆژووەکەی تەواو بکات، چونکی خوا خواردن وخواردنەوەی پیّ داوە.

(ترمذي) ووتویەتی: بەشی زۆری زانایان بەوە کار ئەکەن، وە سوفیانی ثەوری و شافیعی و ئەحمەد وئیسحاقیش بەپیّی ئەو حەدیسە قەول ئەکەن.

دارقطني و بەیهەقی وحاکم، کە ئەڵێت: صەحیحە لەسەر مەرجی موسلیم لە ئەبوهورەیرەوە ئەگێڕنەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (مَن أفطَرَ فِي رَمَضَانَ ـ نَاسِياً ـ فَلا قَضَاءَ عَلَيهِ وَلا كَفَّارَة) (قال الحافظ ابن حجر إسناده صحيح). واتە: هەرکەس لە ڕەمەزاندا ـ لە بیری نەبوو بە ڕۆژووە ـ شتێکی خوارد یا خواردی‌یەوە نە گێڕانەوەی لەسەرە ونە کەفارەت.

لە ئیبنوعەبباسەوە خوا لێیان ڕازی بێت هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (إنَّ اللهَ وَضَعَ عَن أُمَّتِي الخَطَأَ وَالنِّسيَانَ، وَمَا استُكرِهُوا عَلَيهِ) (رواه ابن ماجه والطبراني والحاكم) واتە: خوا تاوانی هەڵە کردن ولە بیر چوونەوەو بە زۆر پیّ کردنی لەسەر ئوممەتەکەم هەڵگرتووە.

٣- خۆڕشاندنەوە:

بەڵام ئەگەر کەسێك ڕشانەوە زۆری بۆ هێنا و ڕشایەوە، ئەوە نەگێڕانەوەی لەسەرە، نە کەفارەت.

چونکە لە ئەبوهورەیرەوە هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (مَن ذَرعَهُ القَيءُ فَلَيسَ عَلَيهِ قَضَاءٌ، وَمَنِ استَقَاءَ عَمداً فَليَقضِ) (رواه أحمد وأبوداود والترمذي وابن ماجه وابن حبان والدارقطني والحاكم وصححه). واتە: هەرکەسێك بەڕۆژوو بوو ڕشانەوە زۆری بۆ هێنا و ڕشایەوە گێڕانەوەی لەسەر نی‌یە، وە هەرکەس بە قەستی خۆی ڕشاندەوە ئەبیّ ئەو ڕۆژە بگرێتەوە.

(خطابي) ووتویەتی: هیچ جیاوازی‌یەك نازانم لە نێوان زانایاندا هەبێت، لەسەر ئەوەی کە کەسێك ڕشانەوە زۆری بۆ هێنا وڕشایەوە قەزای لەسەر نی‌یە، وە ئەوەی خۆی بڕشێنێتەوە قەزای لەسەرە.

(٤و٥) – بیّ نوێژی وزەیستانی، ئەگەرچی لە دەقیقەکانی دوایی ڕۆژدا بێت پێش ئەوەی خۆر ئاوا بێت، ئەمەش ڕای هەموو زانایانی لەسەرە.

**٦- ئاو هێنانەوە:**

**بە هۆی ماچ كردنی ژنەوە بێت، یا بە هۆی خۆپێوە نوسانی‌یەوە، یا بە دەست بێ، ئەوە ڕۆژووی پێ ئەشكێت وگێڕانەوەشی پێویستە[1]، بەڵام ئەگەر هۆی ئاو هاتنەوەكە تەنها سەیر كردن بێت، یا بیر لێ كردنەوە بێت، ئەوە ڕۆژوو ناشكێت وهیچیشی لەسەر نابێت، وە هەروەها هاتنەدەری مەذی كار ناكاتە سەر ڕۆژوو كەم بێت یا زۆر.**

---

(1) هیچ بەڵگەیەك نی‌یە كە بڵێین ڕۆژوو بەتاڵ ئەكەنەوە، وە وا دەرناكەوێت كە وەك جیماع دابنرێت، هەر لەبەر ئەوەصەنعانی ئەڵێت:

وا دەرئەكەوێت كە كەفارەت و ڕۆژوو گرتنەوە تەنها لەسەر ئەو كەسەیە كە جیماع بكات، وە ئەمە دوورە لە ڕاستی‌یەوە ئەگەر كەسێك جیماعی نەكردبێت وەك ئەو كەسەی دابنێین كە جیماعی كردبێت.

شەوكانیش هەر بەلای ئەم بۆچووندا چووە، وە ئەمەش بۆچوونی ئیبنوحەزمە، جا سەیری (المحلى ٦/١٧٥-١٧٧و٢٠٥) بكە.

وە ئەوەی ڕێنمونیت ئەكات لەسەر ئەوەی كە قیاس كردنی ئاو هێنانەوە لەسەر جیماع كردن قیاس كردنێكە كە جیاوازی هەیە، ئەویش ئەوەیە كە هەندێك لەوانەی قیاسیان كردووە بە جیماعەوە نەیان ووتووە كەفارەتیشی لەسەرە، وە وتویانە: جیماع كردن حوكمەكەی توندترە لە ئاوهێنانەوە، وە ئەصلیش لە ئاوهێنانەوەدا ئەوەیە كەفارەتی لەسەر نی‌یە، سەیری (المهذب) بكە لەگەڵ شەرحەكەی نەوەوی دا (٦/٣٨٦).

ئێمەش هەروا ئەڵێین، ئەصل ئەوەیە كە ڕۆژوو ناشكێنێ، وە جیماعیش حوكمەكەی توندترە لە ئاوهێنانەوە كەواتە قیاس ناكرێتە سەری جا وورد بەرەوە.

ڕافعی ووتویەتی (٦/٣٩٦):

ئەگەر مەنی بە دەست بێتەوە ئەوە ڕۆژوو ئەشكێنێت، لەبەر ئەوەی ئامێری پیاو ئەگەر بخرێتە ناو لەشی ئافرەتەوە بێ ئەوەی ئاوی بێتەوە ڕۆژوو بەتاڵ ئەكاتەوە، جا ئاوهاتنەوە بە جۆرێك ئارەزووەوە نزیكترە لەوەی ڕۆژوو بەتاڵ بكاتەوە.

منیش ئەڵێم ئەگەر ئەم قسەی ڕاست بووایە ئەوە ئەبوایە كەفارەت دان لە ئاوهێنانەوە بە دەست نزیكتر بووایە لە واجبێتی كەفارەت دان لە ختنی ئامێری پیاو بۆ ناو لەشی ئافرەت. ئەوانیش دان بەم قسەیەدا نانێن، جا سەیری دژایەتی (تناقض)ی ئەم دو قیاسە بكە.

لەگەڵ ئەوەشدا تەماشای بەرهەڵستی ئەوكەسانە بكە لەگەڵ هەندێك ئاسار كە لە سەلەفەوە هاتووە و ئەڵێت: باوەش پیا كردنی ئافرەت ئەگەر ئاو بهێنێتەوە ڕۆژوو بەتاڵ ناكاتەوە، جا من هەندێكم لەم ئاسارانە باس كردووە لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة) دا لەژێر حەدیسی ژمارە (٢١٩-٢٢١) جا لەوانە قسەی عائیشەیە ڕەزای خوای لێ بێت دەربارەی ئەو كەسەی پرسیاری لێ كرد ، پیاو ئەگەر بەڕۆژوو بو، چی بۆی حەڵاڵە لەگەڵ ژنەكەیدا بیكات؟ ئەویش فەرمووی هەموو شتێك دروستە جیماع نەبێت.

عبد الرزاق لە (مصنف)ەكەیدا تەخریجی كردووە (٤/١٩٠/٨٤٣٩) بە سەنەدێكی صحیح هەروەك (حافظ) لە فتحدا ئەمەی ووتووە، ئیبنوحەزمیش كردویەتی‌یە بەڵگە جا سەیری ئەوانەی تر لەوێدا بكە كە باسمان كرد.

وە ئیبنوخوزەیمە تەرجومەی هەندێك حەدیسی كردووە، كە لەم بەشەدا هاتووە بەوە كە لە صەحیحەكەیدا (٣/٢٤٢) ووتویەتی:

ئەمە بابێكە لەبارەی ئەو باوەش پیاكردن و خۆپێوە نوساندنەی كە بە جیماع دانانرێت بۆ ڕۆژووان، وە بەڵگەی ئەوەی كە هەندێك ناو، جاری وا هەیە بە دوو شت ئەووترێت، یەكیان حەرامە و ئەوی تریان حەڵاڵ، چونكە ناوی (مباشرة) نزیكی كردن خوای گەورە لە كتێبەكەیدا بە جیماع ناوی بردووە، وە كیتابی خوا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە جیماع لەكاتی ڕۆژوودا حەرامە.

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (إنَّ الجِماعَ يُفطِّرُ الصَّائِمَ) واتە: جیماع ڕۆژووی ڕۆژووان ئەشكێنێ.

وە پێغەمبەریش ﷺ بە كردەوەكەی بەڵگەی ئەوەی نیشان داوە كە ئەو (مباشرة) نزیكی كردنەی كە جیماع نی‌یە و كەمترە لە جیماع ڕەوایە بۆ ڕۆژووان و كەراهەتی نی‌یە.

**٧- خواردنی شتێك كە بە موغەززی دانەنرێت، لە شوێنی سروشتییەوە كە دەمە وگەیشتنی بە گەدە، وەك خواردنی خوێی زۆر، ئەمەش ڕۆژوو ئەشكێنێ بە قسەی هەموو زانایان.**

**٨- هەركەس نییەتی شكاندنی ڕۆژووەكەی هەبێت . لە كاتێكدا كە بەڕۆژووە . ئەو كەسە ڕۆژووەكەی ئەشكێت.**

**با هیچیش نەخوات، چونكە نییەت هێنان پایەیەكە لە پایەكانی ڕۆژوو، جا ئەگەر ئەو نییەتەی هەڵوەشاندەوە -بە مەبەستی ڕۆژوو شكاندن بە قەستی- ڕۆژووەكەی بەتاڵ ئەبێتەوە بەبێ شك.**

**٩- ئەگەر كەسێك شتێكی خوارد یا خواردییەوە یا جیماعی كرد وای ئەزانی ڕۆژ ئاوا بووە یا وای ئەزانی ڕۆژ نەبۆتەوە دوایی پێچەوانەی ئەوە دەركەوت، ئەوە قەزای لەسەرە لای جەماوەری زانایان، لەوانە هەر چوار ئیمامە خاوەن مەزهەبەكانن.**

---

وە ئەوەی پێویستە ئاگاداری لەسەر بكەینەوە دوو شتە:

یەكەم: ئاوهاتنەوە بە بێ جیماع ڕۆژوو ناشكێنێ، وە (مباشرة) نزیكی كردنی ڕۆژووان شتێكی ترە، ئەوەی هەیە ئێمە ئامۆژگاری ڕۆژووان ئەكەین ئەگەر هات و ئارەزووەكەی بەهێز بوو بەڕۆژوو بوو ئەو موباشەرەیە نەكات. نەوەكو بكەوێتە حەرامەوە كە جیماعە، ئەمەش بۆ ئەو دەرگا داخستنەیەكە بەرەو حەرام ئەڕوات، كە لە زۆر بەڵگەكانی شەریعەتدا بەكار دێت. لەوانە فەرموودەی پێغەمبەرە كە فەرموویەتی: (ومَن حَامَ حَولَ الحمى أوشَكَ أن يَقعَ فيه) واتە: هەركەس بەدەوری سنووری حەرامدا بڕوات نزیكە بكەوێتە ناوییەوە.

لەوانشە عائیشە مەبەستی ئەوە بووبێت كاتێ باسی موباشەرە كردنەكەی پێغەمبەر ﷺ ئەكات لەكاتی ڕۆژوودا وئەفەرمووێت: بەڵام كێتان هەیە كە بە ئەندازەی ئەو دەسەڵاتی بەسەر خۆیدا هەبێت.

دووەم: كاتێك دانەر باسی ئەو ئاوهێنانەوەی كردووە بەدەست، نابێت كەسێك نیسبەتی ڕەوایی بداتە پاڵ دانەر لەبەر ئەوەی دانەر بۆیە باسی كردووە بۆ ئەوەی ڕوونی بكاتەوە كە ئاوهێنانەوە بە دەست لای ئەو ڕۆژوو باتڵ ئەكاتەوە.

ئەمما حوكمی خودی ئاوهێنانەوە بە دەست، ئەوە باسەكەی لە شوێنێكی تردا هەیە، وە دانەر بە شێكراوەیی باسی لێوە كردووە لە (كتاب النكاح) دا و باسی قسەی زانایانی كردووە لەوبارەیەوە، و باسی جیاوازییەكەیانی كردووە، هەرچەندە خوێنەر لەوێدا ڕایەكی ڕوونی بۆ دەرناكەوێت كە دانەر ووتبێتی، هەروەك دانەر پێشەیەتی لەزۆربەی ئەو كێشانەدا كە جیاوازی لەسەر هەیە.

بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەوكەسانەداین كە بە حەرامیان داناوە، بە بەڵگەی فەرموودەی خوای گەورە: ﴿وَٱلَّذِينَ هُمۡ لِفُرُوجِهِمۡ حَـٰفِظُونَ ۝ إِلَّا عَلَىٰٓ أَزۡوَٰجِهِمۡ أَوۡ مَا مَلَكَتۡ أَيۡمَـٰنُهُمۡ فَإِنَّهُمۡ غَيۡرُ مَلُومِينَ ۝ فَمَنِ ٱبۡتَغَىٰ وَرَآءَ ذَٰلِكَ فَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡعَادُونَ﴾ واتە: وە ئەوانەی كە پارێزەری داوێن و پاكی خۆیانن، مەگەر لەگەڵ ژنانی خۆیان یا كەنیزەكانیان، جا بێ گومان (لەمەدا) لۆمە ناكرێن.

وە ناڵێین بۆ ئەو كەسانەی كە لە زینا مەترسییان هەیە دروستە، بەڵكو ئێمە پێی ئەڵێین با پزیشكایەتییەكەی پێغەمبەر ﷺ بەكاربێنێت كە لە حەدیسە بەناوبانگەكەیدا بە گەنجەكان ئەفەرمووێت: (ومَن لَم يَستطع فَعلَيهِ بِالصَّومِ فَإنَّهُ لَهُ وِجاءٌ) واتە: وە هەركەس توانای ژن هێنانی نەبوو با بەڕۆژوو بێت چونكە ڕۆژوو ئارەزووەكەی ئەشكێنێت.

وە هەروەها ئێمە زۆر بە توندی ئینكاری ئەوكەسانە ئەكەین كە بۆ گەنجەكان لەبەر مەترسی زینا حەڵاڵی ئەكەن، بێ ئەوەی بەم پزیشكییەی پێغەمبەری بەڕێز ﷺ فەرمانیان پێ بكەن (تمام المنة).

بەڵام ئیسحاق و داود و ئیبنوحەزم و (عطاء) و عوڕوەو حەسەنی بەصری و موجاهید، ڕایان وایە ئەو کەسە ڕۆژووەکەی دروستە وگێڕانەوەی لەسەر نی یە، بەپێی فەرموودەی خوای گەورە: ﴿وَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ فِيمَآ أَخْطَأْتُم بِهِۦ وَلَٰكِن مَّا تَعَمَّدَتْ قُلُوبُكُمْ﴾ (الأحزاب/٥). واتە: لەسەر ئەوانەی بە هەڵە ئەیکەن تاوانبار نابن، بەڵام لەسەر ئەوانەی بە قەستی دڵ ئەیان کەن تاوانبار ئەبن.

وە بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ کە فەرموویەتی: (إنَّ اللهَ وَضَعَ عَن أُمَّتِي الخَطَأَ الخ...) کە لەپێشەوە باس کراوە.

(عبدالرزاق) ئەگێڕێتەوەو ئەڵێت: مەعمەر لە ئەعمەشەوە بۆمان ئەگێڕێتەوە لە زەیدی کوڕی وەهەبەوە کە ووتویەتی: لەسەردەمی عمری کوڕی (خطاب) دا خوا لێی ڕازی بێت خەڵك ڕۆژوویان شکاند، من بە چاوی خۆم ئەم بینی دۆڵچەیان لە ماڵی حەفصەوە ئەهێنایە دەر لێیان ئەخواردەوە، پاشان ڕۆژ لە ژێر هەورەکەوە دەرکەوت، لای خەڵکەکە زۆر ناخۆش بوو، ووتیان: ئەم ڕۆژە ئەگرینەوە، عمر ﵁ فەرمووی: بۆ چی؟ سوێند بە خوا مەبەستمان نەبووە ئەو تاوانە بکەین.

بوخاری لە ئەسمای کچی ئەبوبەکرەوە ڕەزای خوایان لێ بێت ئەگێڕێتەوە ووتویەتی: لەسەردەمی پێغەمبەر ﷺ ڕۆژێکی ڕەمەزان هەور بوو، ئێوارە وامان ئەزانی ڕۆژ ئاوا بووە، ڕۆژوومان شکاند لەپاشاندا ڕۆژ دەرکەوت.

ئیبنوتەیمیە ووتویەتی: ئەوە ئەبێتە بەڵگەی دوو شت:

(یەکەم)– ئەوە ئەگەیەنێت ئەگەر ڕۆژەکە هەور بوو، موستەحەب نی یە ڕۆژوو شکاندن دوا بخرێت هەتا دڵنیا ئەبن لە ڕۆژ ئاوابوون، چونکە ئەوان وایان نەکردووەو پێغەمبەریش ﷺ فەرمانی پێ نەکردون وا بکەن، وە صەحابە لەگەڵ پێغەمبەرەکەیاندا لە هەموو کەس شارەزاتروو مل کەچی فەرمانی خواو پێغەمبەرەکەیان بوون لە ئوممەتەکانی دوایی.

(دووەم)– ئەوە ئەگەیەنێت ئەگەر شتی وا کرا ئەوە ئەو ڕۆژە ناگێڕێتەوەو قەزا ناکرێتەوە، چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی قەزا کردنەوەی پێ نەکردون، وەئەگەر فەرمانی پێ بکردنایە بڵاو ئەبۆوە، وەك چۆن ڕۆژوو شکاندنەکەیان بۆ نەقڵ کردوین، جا چونکە نەقڵ نەکراوە ئەبێتە بەڵگەی ئەوەی فەرمانی گرتنەوەی ئەو ڕۆژەی پێ نەکردون.

ئەمما ئەو شتەی کە ڕۆژوو بەتاڵ ئەکاتەوە وگێڕانەوە وکەفارەت پێویست ئەکات تەنها جیماعە وهیچی تر نی یە لای جەماوەری زانایان.

لە ئەبوهوڕەیرەوە هاتووە فەرمویەتی: پیاوێك هاتە لای پێغەمبەر ﷺ ووتی: فەوتام ئەی نێرراوی خوا! فەرمووی: چی فەوتاندتی؟ ووتی: توخنی ژنەکەم کەوتم لە ڕەمەزاندا، فەرمووی: ئەوەندەت هەیە بەندەیەکی پێ ئازاد بکەیت؟ ووتی: نەء، فەرمووی: ئەی ئەتوانی دوو مانگ لەسەر یەك بەڕۆژوو بیت؟ ووتی: نەء، فەرمووی: ئەی ئەوەندەت هەیە شەصت هەژار تێر بکەیت؟ ووتی: نەء، ئەڵێ: لە پاشاندا دانیشت، ئەوەندەمان زانی(عرق)ێك خورمایان هێنا بۆ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەوە ببە بیکە بە خێر، کابرا ووتی: بۆ چی کەس هەیە لە ئێمە هەژارتر؟ لەنێوان ئەم دۆڵەی مەدینەدا خێزان نی یە ئەوەندەی ئێمە موحتاجی ئەو خێرە بێت، پێغەمبەر ﷺ پێکەنی هەتا دانەکانی دەرکەوت وفەرمووی: برۆ بیدە بە خێزانەکەت.(جەماعەت گێڕاویانەتەوە).

ڕای جومهوری زانایان ئەوەیە کە ژن و پیاو هەر دوو وەك یەکن لە پێویست بوونی کەفارەت لەسەریان، بە مەرجێك هەردووکیان بە قەستی ئەوەیان کرد و بە ئارەزوی خۆیان بوو لە ڕۆژی ڕەمەزاندا، وە نییەتیشیان بووبێت کە بەڕۆژوو بن.

بەڵام ئەگەر ئەوەیان کردو بیریان نەبوو بەڕۆژوون، یا بە ئارەزووی خۆیان نەبوو، وەك ئەوەی زۆریان لێ بکرێت بۆ ئەو کارە، یا نییەتی ڕۆژوویان نەهێنابوو و بەڕۆژوو نەبوبن، ئەوە کەفارەت لەسەر هیچ کامیان نابێت.

جا ئەگەر ژنەکە لە لایەن پیاوەکەوە زۆری لێ کرا، وە یا بەهۆی مەعزەرەتێکی شەرعیەوە بەڕۆژوو نەبوو، ئەوە تەنها کەفارەت لەسەر پیاوەکەیە نەك ژنەکە.

مەزهەبی شافیعی لە مەدا ئەوەیە کە کەفارەت لەسەر ژن نیە بە هیچ جۆرێك، نە لەحاڵەتێکدا خۆی ڕازی بێت، نە لە حاڵەتێکدا زۆری لێ کرا بێت، بەڵکو تەنها گرتنەوەی ڕۆژووەکەی لەسەرەو بەس.

نەوەوی ووتویەتی: ڕاستتر ئەوەیە یەك کەفارەت پێویست ئەبێت لەسەر پیاوەکە بە تایبەتی، تەنها لە جیاتی خۆی ئەیدات، وە ژنەکە هیچی لەسەر نابێت، چونکە ئەوە مافێکە تایبەتە بە جیماعەوە، وە لەسەر پیاوە بە تەنها وەك مارەیی.

ئەبوداود ووتویەتی: لە ئەحمەدیان پرسی کەسێك لە ڕەمەزاندا جیماع لەگەڵ ژنی خۆی بکات، ئایا ژنەکە کەفارەتی لەسەر ئەبێت؟ ووتی: نەمان بیستووە ژن کەفارەتی لەسەر پێویست بێت.

لە (المغني)دا هاتووە: ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی دا بە پیاوەکە کە جیماعەکەی کردبوو لە ڕەمەزاندا بەندەیەك ئازاد بکات، بەڵام هیچی بە ژنی کابرا نەفەرموو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەی زانی ژنەکەش هاوبەش بووە تیایدا.

کەفارەتەکەش هەر بەو شێوەو تەرتیبەی لە فەرموودەکەدا باس کراوە ئەبێ جێبەجێ بکرێت لای جەماوەری زانایان، جا پێویستە یەکەم جار بەندە ئازاد کردنەکە بەجێ بێت، جا ئەگەر توانای نەبوو ئەبێ دوو مانگ لەسەر یەك بەڕۆژوو بێت، جا ئەگەر نەیتوانی شەصت هەژار تێر بکات لەوەی ئەیدات بە خێزانەکەی خۆی بە شێوەیەکی مام ناوەندی، وە دروست نیە لە کەفارەتێکەوە باز بدات بۆ کەفارەتێکی تر مەگەر توانای نەبێت، بەڵام ئەگەر توانای هەر کامیانی هەبوو ئەبێ بە جێی بهێنێت.

مالیکیەکان ڕیوایەتێکی ئەحمەد بۆ ئەوە چوون کە ئەو کەسە ئارەزوی خۆیەتی لەو سێ کەفارەتە کامیان هەڵئەبژێرێت وبە جێی ئەهێنێ دروستە بۆی.

بەپێی ئەوەی مالیك و ئیبنوجورەیج ئەگێڕنەوە لە حومەیدی کوڕی عبدالرحمنەوە لە ئەبوهورەیرەوە فەرمویەتی: پیاوێك لە ڕەمەزاندا (بە جیماع) ڕۆژووەکەی شکاند، پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێ کرد کە یان بەندەیەك ئازاد بکات یا دوو مانگ لەسەریەك بەڕۆژوو بێت یا شەست هەژار تێر بکات. (موسلیم گێراویەتیەوە). وە (أو) واتە: یان ، کە لە قسەکەی ئەبوهورەیرەدا هاتووە لە زمانی عەرەبی دا بۆ هەڵبژاردنە. وە لەبەر ئەوەی کەفارەت بە هۆی سەرپێچی کردنەوەیە، جا ئەو کەسە ئارەزوی خۆیەتی کامیان ئەدات، وەك کەفارەتی سوێند.

شەوكانی ووتویەتی: ئەوەی لە ڕیوایەتەكاندا هاتوە ئەبێتە بەڵگە بۆ هەردوكیان، هەم بە تەرتیب كەفارەتەكە بدرێت، هەم بە غەیری تەرتیب، جا ئەوانەی تەرتیبەكەیان گێڕاوەتەوە زۆرترن و زیادە (لفظ)ی حەدیسیان بەدەستەوەیە.

موهەللەب و (قرطبي) ڕیوایەتەكان جەمع ئەكەن‌و وای دائەنێن كە هەر ڕیوایەتە بۆ ڕووداوێكە.

بەڵام حافظ ئەڵێت: ئەمە دورە، چونكە بەسەرهاتەكە هەر یەك بەسەرهات بووەو شوێنی دەرچونەكەش یەكە، ئەصلیش ئەوەیە كە هەر یەك بەسەرهات بێت.

بەڵام هەندێك ئەڵێن: تەرتیبەكە لە پێشترەو هەڵبژاردن تەنها دروستە. وە هەندێكی تریان بە پێچەوانەوە ئەڵێن. - قسەی شەوكانی تەواو بوو - .

ئەگەر كەسێك بە ئەنقەست جیماعی كرد لە ڕۆژووی ڕەمەزاندا وكەفارەتی نەدا، پاشان ڕۆژێكی تریش هەر ئەو كارەی دووبارە كردەوە، لای حەنەفیەكان هەر یەك كەفارەتی لەسەر ئەبێت، وە ڕیوایەتێكی ئەحمەدیش هەر وا ئەڵێ، چونكە تۆڵەی تاوانێكە سەبەبەكەی دووبارە بۆتەوە پێش ئەوەی كەفارەتەكە بدرێت، هەر بۆیە هەر دووكیان ئەچنە ناو یەك.

مالیك و شافیعی و ڕیوایەتێك لە ئەحمەدەوە هاتووە كە ووتویانە: ئەو كارە دوو كەفارەتی لەسەرە، چونكە هەر ڕۆژە خوا پەرەستی‌یەكی سەر بە خۆیە، جا ئەگەر بە تێك دانی ڕۆژێك، كەفارەت پێویست بوو ناچێتە ناو ڕۆژێكی ترەوە، وەك ئەوە وایە لە دوو ڕەمەزاندا ئەوكارە بكرێت.

زانایان هەموو لەسەر ئەوەن ئەگەر كەسێك لە ڕۆژگاری ڕەمەزاندا بە قەستی جیماعی كرد وكەفارەتەكەی دا، پاشان ڕۆژێكی تر دووبارەی كردەوە پێویستە لەسەری كەفارەتێكی تریش بدات.

هەروەها هەموو لەسەر ئەوەن كە كەسێك لە ڕۆژێكی ڕەمەزاندا جیماع بكات وكەفارەتەكەی نەدات، پاشان هەر لەو ڕۆژەدا جیماع بكاتەوە هەر یەك كەفارەتی لەسەر ئەبێت، وە ئەگەر كەفارەتی جاری یەكەمی دابوو، جاری دووەم كەفارەت نادات، وە لای جەماوەری پێشواكان كەفارەتی جاری یەكەم كافیە.

ئەحمەد ئەڵێ: ئەبێ بۆ جاری دووەمیش كەفارەت بدات.

گێڕانەوەی ڕۆژووی ڕەمەزان:

گرتنەوەی ڕۆژووی ڕەمەزان پێویست نی‌یە بە پەلە بێت، بەڵكو هەركاتێ بۆی لوا بیگرێتەوە، وە هەروەها كەفارەتیش وایە[2].

---

([2]) ئەم قسەیە لەگەڵ فەرموودەی خوای گەورەدا نایەتەوە كە ئەفەرموویت: ﴿وَسَارِعُوٓاْ إِلَىٰ مَغْفِرَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ﴾ (آل عمران/١٣٣). واتە بۆ لێخۆشبوونی پەروەردگارتان پەلە بكە، جا ئەوەی حەق بێت ئەوەیە كە پێویستە پەلە بكرێت بۆ گرتنەوەی ئەو ڕۆژانە هەركاتێك توانای هەبێت، ئەمەش مەزهەبی ئیبنوحەزمە (٦/٢٦٠) و هیچ حەدیسێكی صەحیحیش نەهاتووە كە بەرهەڵستی ئەم قسەیە بكات.

ئەمما بەڵگە هێنانەوەكەی دانەر كە عائیشە ئەو ڕۆژووەی كە لە ڕەمەزاندا لەسەری بووایە لە شەعباندا ئەیگرتەوە...

چونکی بەصەحیحی هاتووە لە عائیشەوە: کە ئەو هەر چی ڕۆژووێکی ڕەمەزانی لەسەر بوایە لە مانگی شەعباندا ئەیگرتەوە، و بەپەلە نەیئەگرتەوە (ئەحمەد و موسلیم گێڕاویانەتەوە).

گرتنەوەی ڕۆژووش وەك ئەوە وایە کاتی خۆی بەڕۆژوو بێت، بە واتای ئەوەی ئەگەر کەسێك چەند ڕۆژێکی نەگرتبێت هەر ئەو ڕۆژانە ئەگرێتەوە بێ ئەوەی لێ‌ی زیاد کات. وە گێرانەوە لەگەڵ ڕۆژوو گرتنی حازردا جیاوازیان ئەوەیە کە گێرانەوەکە بەسەریەکەوەش نەبێت دروستە، بەپێ‌ی فەرموودەکەی خوای گەورە: ﴿فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾ (البقرة/١٨٤). واتە: هەرکەس نەخۆش بوو یا لە سەفەردا بوو، وەبۆی نەگیرا لە چەند ڕۆژێکی تردا بیان گرێتەوە.

جا چ بە دوای یەکدا بیان گرێتەوە یان جیا جیا و ماوەیان بەین بخات، چونکە خوای گەورە ڕۆژوو گرتنەوەکەی بە (مطلق) ی باس کردووە و نەیبەستۆتەوە بە هیچ شتێکەوە.

---

ئەم قسەیە ڕاست نی‌یە چونکە لە حەدیسەکەی عائیشەدا نەهاتووە کە عائیشە دەست بەجێ توانای گرتنەوەی هەبووە، بەڵکو پێچەوانەی ئەوەی تێدا هاتووە، چونکە زاراوەی حەدیسەکە لەلای موسلیم (٣/١٥٤-١٥٥) عائیشە فەرمویەتی: جاری وا هەبوو ڕۆژووی مانگی ڕەمەزانم لەسەر ئەبو، نەم ئەتوانی بیگرمەوە لە شەعباندا نەبێت. ئەویش بەهۆی پێغەمبەری خواوە ﷺ کە پێوەی سەرگەرم ئەبووم و نەم ئەتوانی بیگرمەوە.

هەروەها بوخاریش بەم شێوەیە تەخریجی کردووەلە صەحیحەکەیدا بە پێچەوانەی ئەو گومانەی کە دانەر کردویەتی، وە لە ڕیوایەتێکی موسلیمدا هاتووە عائیشە فەرمویەتی: جاری وابووە یەکێك لە ئێمە لەڕەمەزاندا بەڕۆژوو نەئەبوو، جا نەیئەتوانی لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ بیگرێتەوە هەتا مانگی شەعبان ئەهات.

جا حەدیسەکە بە هەردوو ڕیوایەتەکەوە دان بەوەدا ئەنێت کە نەیتوانیوە لە پێش شەعباندا ئەو ڕۆژووانە بگرێتەوە، وە ئاماژە بۆ ئەوە ئەکات ئەگەر بیتوانیایە دوای نەئەخست، جا ئەم حەدیسە بەڵگەیە بەسەر دانەر و ئەوانەی پێش ئەوەوە، هەر لەبەر ئەوە زەینی کوڕی مونەیر ڕەحمەتی خوای لێ بێت ووتویەتی:

لە حەدیسەکەی عائیشەوە وا دەرئەکەوێت کە وای بەباشتر زانیوە پەلە لە گرتنەوەی ڕۆژووەکاندا بکات، ئەگەر مەشغەڵەتەکەی نەبوایە، جا وا دەرئەخات کە هەرکەس مەعزەرەتی نەبێت بۆی نی‌یە گرتنەوەی دووا بخات.

بشزانە کە ئیبنوقەییم و (حافظ) و جگە لەوانیش ڕوونیان کردۆتەوە کە ئەو قسەیەی لە حەدیسەکەدا هاتووە کە عائیشە ووتبێتی: لەبەر مەشغول بوون بە پێغەمبەرەوە نەیتوانیوە بیان گرێتەوە، ئەم ڕستەیە (مدرج)ە لە حەدیسەکەدا، و لە قسەی عائیشە نی‌یە. بەڵکو لە قسەی یەکێك لە گێڕەرەوەکانی ئەم حەدیسەیە، ئەویش یەحیای کوڕی سەعیدە، بەڵگەی ئەم قسەیەش قسەی یەحیا خۆیەتی کە لە ڕیوایەتەکەی موسلیمدا ووتویەتی: من وام زانیوە کە ئەو مەشغەڵەتە و بۆنەکرانە لەبەر نزیك بوونی پلەی عائیشە بووە لە پێغەمبەرەوە ﷺ.

بەڵام ئەمە بەڵگەکەی ئێمە لەکەدار ناکات، لەبەر ئەوەی ئێمە بەڵگەمان ئەم ڕستە (مدرج)ە نەبووە، بەڵکو بەڵگەی ئێمە ئەو قسەیە کە ووتویەتی: نەم ئەتوانی ئەو ڕۆژووانە بگرمەوە، وە ئەو ڕستە (مدرج)ە هۆی ئەو نەتوانینە ڕوون ئەکاتەوە، ئەمەش لەم باسەی ئێمەدا گرینگ نی‌یە، جا من نازانم چۆن ئەمە لە (حافظ) شاراوە بووە کە لە کۆتایی مانای ئەم حەدیسەدا ووتویەتی:

لەم حەدیسەدا بەڵگەی دروستی دووا خستنی ڕۆژوو گرتنەوەی ڕەمەزانی تێدایە بە (مطلق)ی، جا لەبەر مەعزەرەت بوبێت یان بێ مەعزەرەت بووبێت، لەبەر ئەوەی ئەو زیادەیە وەك باسمان کردووە (مدرج)ە...

جا لە (حافظ) شاراوە بووە کە نەتوانینی عائیشە لەبەر مەعزەرەت بووە، جا وورد بەرەوە. (تمام المنة).

دارەقوطني لە ئیبنوعومەرەوە ﷛ ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ دەربارەی گرتنەوەی ڕۆژووی ڕەمەزان فەرموویەتی: (إن شاءَ فرَّقَ، وإن شاءَ تابَعَ)[3]. واتە: ئەوکەسە ئارەزوی خۆیەتی بەسەریەکەوە ئەیان گرێتەوە یا جیا بە جیا.

---

([3]) کورتەی قسەی شێخ ئەلبانی ئەمەیە: ئەگەر ئەو حەدیسە صەحیح بووایە ئەبووە بەڵگەیەك کە ئەم ناکۆکی‌یەی بنەبڕ ئەکرد (ئینجا بەڵگەی صەحیح نەبوونی ئەهێنێتەوە و لەدوای لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەم باسەوە ئەفەرموویێت:) قسەی کۆتایی لەم باسەدا ئەوەیە هیچ حەدیسێك لەم بەشەدا نی‌یە کە صەحیح بێت نە بە (سلب)ی نە بە (إیجاب)ی، واتە: نە بە بون، نە بە نەبون، وە ئەو فەرمانەی کە لە قورئاندا هاتووە وا پێویست ئەکات کە دەست بەجێ بگیرێتەوە، مەگەر لەبەر مەعزەرەتێك نەبێ، ئەمەش مەزهەبی ئیبنوحەزمە (٦/٢٦١) کە ئەفەرموێت:

جا هەرکەس بەسەریەکە نەیکرد ئەوە جیا جیا ئەیگێڕێتەوە و بری ئەکەوێت، لەبەر فەرموودەی خوای گەورە ﴿فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾ چونکە خوای گەورە لەو ڕۆژوو گرتنەوەدا کاتێکی وای دانەناوە کە ئەگەر ئەوکاتە تەواو بێت ڕۆژووەکە نەگێڕرێتەوە، ئەمە قسەی ئەبو حەنیفەشە.

سودێك: دانەر باسی ئەو کەسەی نەکردووە ئەگەر بە عەمدی ڕۆژووی ڕەمەزان بخوات، و باسی ڕۆژوو گرتنەوەکەی نەکردووە ئایا بۆی هەیە بیگێڕێتەوە یان نا، وە وا دەرئەکەوێت کە نەیگێڕێتەوە، ئەمەش هەڵبژاردەی (شیخ الإسلام) ئیبنوتەیمی‌یەیە، چونکە لە (الإختیارات) (ل٦٥) دا ئەفەرموویێت: هەرکەس نوێژ بە عەمدی بچوێنێت یان ڕۆژوو بە عەمدی نەگرێت نە نوێژەکە بگێڕێتەوە نە ڕۆژووەکە بگرێتەوە، وە ئەوەی ریوایەت کراوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی بەوپیاوە دا کە لە ڕۆژی ڕەمەزاندا لەگەڵ خێزانیدا نزیکی کردبوو کە ڕۆژووەکەی بگرێتەوە، ئەو ریوایەتە زەعیفە، چونکە بوخاری و موسلیم لێ‌یان لاداوە.

وە ئەمە مەزهەبی ئیبنوحەزمە و لە ئەبوبەکریشەوە ریوایەتی کردووە، هەروەها لە عومەری کوڕی (خطاب) و عەلی کوڕی ئەبو (طالب) و ئیبنومەسعود و ئەبوهورەیرەوە ریوایەتی کردووە، جا بگەڕێرەوە بۆ (المحلی ٦/١٨٠-١٨٥).

بەڵام لاواز کردنی ئیبنوتەیمی‌یە بۆ ئەو حەدیسەی کە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی کردووە بەو پیاوەی کە لە ڕۆژی ڕەمەزاندا نزیکی خێزانی کردبوو، لەبەر لادانی بوخاری و موسلیم لێ‌ی، من پێم وایە ئەو بەڵگەیە هیچ نی‌یە، چونکە چەندین حەدیس هەیە کە دوو شەیخ لێ‌یان لاداوە بەڵام صەحیحە، حەقیش ئەوەیە کە ئەو حەدیسە بە کۆی ڕێگاکانی‌یەوە صەحیحە و سابتە، هەروەك (حافظ) ئیبنوحەجەر باسی کردووە، وبەکێکیشیان صەحیحە و مورسەلە، هەروەك لە لێ‌دووانەکەمدا لەسەر نامیلکەکەی ئیبنوتەیمی‌یە بەناوی (الصیام) باسم کردووە (ل٢٥-٢٧) پاشان لە (إرواء الغلیل) دا (٤/٩٠-٩٢) چونکە گرتنەوەی ڕۆژوو لەلایەن ئەوکەسەوە کە نزیکی خێزانی کردووە لە ڕۆژی ڕەمەزاندا لە تەواویتی کەفارەتەکەیەتی.

بەڵام ئەو کەسانەی تر کە بە عەمدی ڕۆژوویان شکاندووە، لە حوکمی گرتنەوەدا شوێن ئەم ناخرێن، وە قسەکەی شێخ لە کەسانی تردا جگە لەمەیان ڕاستە و دروستە.

بەڵام نوێژ نەگێڕانەوەکە ئەوە هەڵبژاردەی قسەی خودی دانەرە کە شوێن ئیبنوحەزم کەوتووە، قسەکەشی بە کورتی لەباسی نوێژدا کەمێك لەپێش باسی جومعەدا باس کردووە، وە ئەبووایە لەبارەی ڕۆژوو گرتنەوەکەشدا هەروای هەڵبژاردایە، چونکە بەڵگەی نەگرتنەوەی ئەو ڕۆژووەش هەروەك نەگێڕانەوەکەی ئەو نوێژە وایە بەتایبەت کە ئەویش هەر مەزهەبی ئیبنوحەزمە، چونکە ووتویەتی: بەڵگەی ئەو قسەیەشمان ئەوەیە کە واجبێتی ڕۆژوو گرتنەوە بۆ ئەو کەسەی بە عەمدی خۆی برشێنێتەوە بە صەحیحی لە پێغەمبەرەوە ﷺ هاتووە، بەڵام لەبارەی ئەو کەسەی کە ڕۆژووی خۆی ئەشکێنێت بە خواردن یان بە خواردنەوە یان بە نزیکی خێزانی، دەقێکی وا نەهاتووە کە واجبێتی گرتنەوەی بگەیەنێت، بەڵکو خوای گەورە تەنها ڕەمەزانی واجب کردووە و هیچی تر ئەویش لەسەر کەسێك کە لەش ساغ و نیشتەجێ و ژیرو بالغ بێت، جا واجب کردنی ڕۆژوو لەسەر کەسێکی تر لەجیاتی ئەو، دانانی شەرعێکە کە خوای گەورە ڕێ‌ی پێ نەداوە، کەواتە باتڵە، جا جیاوازی نی‌یە لەنێوان ئەوەی کە خوا ڕۆژوی مانگێکی ناوبراو واجب بکات، جا کەسێك بڵێت: ڕۆژووی جگە لەو مانگە بری ئەکەوێت، وە لەنێوان ئەوکەسەی بڵێت: حەج کردن بۆ غەیری مەککە شوێنی حەج

بەڵام ئەگەر گێرانەوەکەی دووا خست و ڕەمەزانێکی تر هات ئەبێ ئەم ڕەمەزانەی هەموو بگرێ، پاشان ئەوەی لەسەریەتی ئەیگرێتەوە، وە کەفارەتیشی لەسەر نابێت، دوا خستنەکەی بە مەعزەرەتی شەرعی بێت یان نا.

ئەوەش مەزهەبی حەنەفیەکان و حەسەنی بەصریە: وە مالیك و شافیعی و ئەحمەدو ئیسحاق و حەنەفیەکان لەسەر ئەوەن کە ئەوکەسە فدیەی لەسەر نابێت ئەگەر دواخستنەکەی بە هۆی مەعزەرەت بێت، بەڵام جیاوزایان هەیە لەگەڵ حەنەفیەکان و حەسەنی بەصری لەوەدا کە دوا خستنەکە بە مەعزەرەتەوە نەبێت جا ووتویانە: ئەبێ ئەو ڕەمەزانەی هاتەوە هەمووی بگرێت ولەپاشاندا چی لەسەر بوو بیگرێتەوە وفدیە بدات لە جیاتی هەر ڕۆژێك مستێك خواردن. بەڵام ئەمانە شتێکی وایان نیە کە بۆ بەڵگە هێنانەوە دەست بدات.

چونکە زاهیرەن ڕاست ئەوەیە کە حەنەفیەکان بۆی چوون، چونکە ئەو شەرعەی کە دەقێکی لە قورئان و حەدیسی صەحیح لەسەر نەبێت شەرع نیە.

کەسێك مرد و ڕۆژووی لەسەر بوو:

زانایان هەموو لەسەر ئەوەن ئەگەر کەسێك مردو نوێژی لەسەر بوو، واتە قەرزار بوو، نە وەلیەکەی نە کەس بۆی نیە ئەو نوێژانەی بۆ بگرێتەوە، وە هەروەها کەسێك لە ژیاندا مابێت و نەتوانێ ڕۆژوو بگرێت کەس بۆی نیە لە جیاتی ئەو بەڕۆژوو بێت[٤].

---

کردن بۆ مەککە ئەگرێتەوە، یان نوێژ کردن بۆ غەیری کەعبە شوێنی نوێژ کردن بەرەو کەعبە ئەگرێتەوە وەبەو شێوەیە لە هەموو شتێکدا، خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿تِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ فَلَا تَعْتَدُوهَا﴾ واتە: ئەوانە سنوری خوان جا تخونیان مەکەون.

وە خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ ٱللَّهِ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُۥ﴾ واتە: هەرکەس لە سنوری خوا لابدات ئەوە ستەمی لە خۆی کردووە.

ئینجا ئیبنوحەزم دەست ئەکات بە ڕەد دانەوەی ئەوکەسانەی کە هەرکەسێك نوێژ و ڕۆژوو بە عەمد بچوێنێت قیاسی ئەکەنە سەر ئەوکەسەی کە بە ڕشانەوە ڕۆژوەکەی بشکێنێت و ئەو کەسەی کە لە ڕەمەزاندا جیماع ئەکات.

ئینجا وەك ئەو قسەیەی خۆی لە خەلیفە ڕاشیدەکانەوە ئەگێڕێتەوە جگە لە عوسمان نەبێت، هەروەها لە ئیبنومەسعود و ئەبوهورەیرەشەوە، جا بۆی بگەڕێرەوە.

بەڵام لە وەڵامی ئەو قسەیەی سەرەوەدا ئەڵێم کە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی داوە بەوکەسەی جیماعی کردووە لە ڕەمەزانا کە ئەویش ڕۆژووەکەی بگرێتەوەو ریوایەتەکەشی صەحیحە.

(4) وادەرئەکەوێت لەم باسەیاندا ئیجماع نیە، چونکە ئیبنوتەیمیە جیاوازی کردووە تییدا لە (الإختيارات)دا ئەفەرموێت:

ئەگەر کەسێك لەبری کەسێك کە نەتوانێ بەڕۆژوو بێت لەبەر پیری یان شتی تر، یان لە جیاتی مردویەك بەڕۆژوو بێت، وە ئەو دووانە پیرەکە و مردووەکە دەستیان کورت بوو بۆ کەفارەت دان ئەوە ڕۆژوو گرتن لە جیاتی ئەوان ڕێی تێ ئەچێ کە دروست بێت چونکە ئەمیان لە قەرز دانەوەی ماڵ لەپێشتر و نزیکترە، هەروەها (قاضي)یش لەبارەی ڕۆژووی نەزرەوە لەکاتی ژیانی نەزرکەردا هەروەکو ئەمی ووتووە.

منیش ئەم قسەیەم تەنها لەبەر نیشان دانی ئەو ڕایە باس کردووە نەك لەبەر هەڵبژاردن، چونکە من پێم وایە ئەو قسەیەی نەپێکاوە، لەبەر ئەوەی لەگەڵ فەرموودەی خوای گەورەدا نایەتەوە کە ئەفەرموێت: ﴿وَأَن لَّيْسَ لِلْإِنسَـٰنِ إِلَّا مَا سَعَىٰ﴾ واتە بۆ ئادەمیزاد تەنها پاداشتی کردەوەی خۆی ئەدرێتەوە وە جگە لە پاداشتی ئەو کردەوەیە هیچی تری بۆ نیە.

بەڵام ئەگەر کەسێك مرد و ڕۆژوو قەرزار بوو، وە لەکاتێدا لە ژیاندا بووە توانای گرتنی هەبووە، زانایان لە حوکمی ئەمەدا جیاوازیان هەیە:

جومهوری زانایان لەوانە ئەبوحەنیفە ومالیك و ئەوەی لە شافیعییەوە بەناوبانگ بێت بۆ ئەوە چوون، کە وەلییەکەی ناتوانێ ئەو ڕۆژووانەی بۆ بگرێتەوە، بەڵکو لە جیاتی هەر ڕۆژێك یەك مست خواردن ئەدات بە هەژار.

مەزهەبی هەڵبژێرراو لای شافیعییەکان ئەوەیە کە موستەحەببە بۆ (ولي) سەرپەرشتیاری ئەو مردووە لە جیاتی ئەو بەڕۆژوو بێت و ئەو ڕۆژانە لە ئەستۆی مردووەکەدا نەمێنێ، ئیتر پێویست بە خواردن دان بە هەژار ناکات.

مەبەست لە (ولي) سەرپەرشتی کەری مردوو خزم و کەسییەتی، جا چ (عصبة) بێت، یان میراتگر بێت، یان بێجگە لەوان، وە ئەگەر بێگانەیەکیش لە جیاتی بەڕۆژوو بوو هەر دروستە، ئەگەر بە فەرمانی سەرپەرشتی کەرەکە بێت، وەگەرنا دروست نییە.

بەڵگەشیان ئەوەیە کە ئەحمەدو هەر دوو شێخ (بوخاری ومسلم) لە عائیشەوە ئەگێرنەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (مَن مَاتَ وَعَلَيهِ صِيامٌ صَامَ عَنهُ وَلِيُّهُ). واتە: هەرکەسێك بمرێت و ڕۆژوو قەرزار بێت سەرپەرشتی کەرەکەی بۆی بگرێتەوە.

لە لای بەززار لەگەڵ حەدیسەکەدا ئەم لەفظەش هەیە: (إن شاء) واتە: ئەگەر ویستی. (وە سەنەدەکەی حەسەنە)[٥].

ئەحمەدو خاوەن سونەنەکان لە ئیبنوعەبباسەوە ئەگێڕنەوە کە پیاوێك هاتە لای پێغەمبەر ﷺ ووتی: ئەی نێرراوی خوا، دایکم کۆچی دوایی کردووەو مانگێ ڕۆژووی لەسەرە، ئایا من بۆی بگرمەوە؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەگەر دایکت قەرزێکی لەسەر بووایە بۆت ئەداوە؟ ووتی: بەڵێ، فەرمووی: دەی قەرزی خوا لەپێشترە بدرێتەوە[٦].

---

ئەمما ئیبنوتەیمییە بە شێوەیەك ئایەتەکەی لێك داوەتەوە کە لەگەڵ مەزهەبەکەی خۆیدا ئەگونجێت، ورێگای نییە کە ئەم قسەیە شی بکەینەوە، جا هەرکەس پێی خۆشە بۆ زانستی زیاتر با بگەڕێتەوە بۆی. (تمام المنة).

(5) شێخ ئەلبانی ئەفەرموێت: ئەم زیادەیە زەعیفە و مونکەرە و پاشان دەفەرموێت: حەنبەلییەکان ئەم حەدیسەیان لەسەر ڕۆژووی نەزر لێك داوەتەوە، چونکە ڕۆژووی نەزرە کە سەرپەرشت لە جیاتی ئەو ئەیگرێتەوە، ئەمما ڕۆژووی فەرز ئەوە کەس لەبری کەس نایگرێتەوە، ئەمەش بۆچونی گێڕەرەوەی حەدیسەکەیە کە عائیشەیە، هەروەها بۆچونی ئیبنوعەبباسە کە گێڕەرەوەی حەدیسەکەی دوای ئەمەیە.

جا من قسەی ئەو دوانەم باس کردووە لەو بارەیەوە لە (أحكام الجنائز) لە باسی (١٠٦)دا، وە هەرئەوەشە کە ئوصولی شەریعەت و حیکمەتەکەی داوای ئەکەن، و ئیبنوقەییم لە (تهذيب السنن) دا پارسەنگی ئەم ڕایەی کردووە، وە هەروەها لە (إعلام الموقعين)دا، وە من لەو کتێبەدا کە باسم کرد قسەیەکم هێناوە، ئەو قسەیەش بەسوودە، با گەڕانەوەی بۆ بکرێت.

(6) وا دەری ئەخات کە جگە لەوکەسانەی باسی کردوون، کەسانێکی لەوان بەرزتر ئەم حەدیسەیان تەخریج نەکردووە، ئەم قسەیەش وانییە، چونکە شەیخەین (بوخاری و موسلیم) لە (الصوم) دا لە ئیبنوعەبباسەوە تەخریجیان کردووە، وە لە یەکێك لە ڕیوایەتەکانیدا ئەم زاراوەیە هاتووە: کە ئەو ئافرەتە مردبوو وە ڕۆژووی نەزری لەسەر بوو.

جا کەواتە ئەم حەدیسە لەبارەی ڕۆژووی نەزرەوە هاتووە، وە نابێت بکرێتە بەڵگە لەسەر ڕۆژووی فەرز هەروەك دانەر وای کردووە، وە بە زاراوەیەکی تر حەدیسەکە بەڵگەیە بۆ حەنبەلییەکان نەك بۆ شافیعییەکان. جا ئاگادار بە!

نەوەوی ووتویەتی: ئەو قسەیە ڕاست وهەڵبژاردەیە، وە ئێمەش باوەڕمان پێی هەیە، وە هەر ئەو قسەیەیە کە لێکۆڵەرەوەکان لە هاوڕێکانمان بە ڕاستیان داناوە ئەوانەی کە لەنێوان فیقهو حەدیسدا ڕێك خستن ئەکەن، بەپێی ئەو فەرمووده صەحیح و صەریحانە.

دانانی ماوەی بەڕۆژوو بوون لەو شوێنانەی ڕۆژیان درێژەو شەویان کورت:

زانایان جیاوازیان هەیە لەو دانانەدا بۆ ئەو وولاتانەی ڕۆژیان درێژەو شەویان کورتە، وە ئەو وولاتانەی کە ڕۆژیان کورتە وشەویان درێژە، ئایا ئەم وولاتانە لەسەر کام وولات دائەنرێن؟

ووتراوە لەسەر ئەو وولاتانە دائەنرێن کە شەو و ڕۆژیان ناوەندەو شەریعەتی ئیسلامی تێدا هاتۆتە خوارەوە، وەك مەککەو مەدینە، وە ووتراوە: کام وولات شەوو ڕۆژی مام ناوەندە و نزیك ترە لێیانەوە لەسەر ئەوە دائەنرێت.

==================

# سایتی بەهەشت

## www.ba8.org

2009 – 1430

**هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ**

---

نوسینەوەی بەشی سێیەم تەواو بوو لە بەرواری (١٩/٨/٧٣) ی کۆچیدا، کە ئاخرین بەش بوو لام لە لێکۆڵینەوە لەسەر (فقه السنة)، وە لە خوای گەورە داواکارم کە بیکات بە یارمەتیدەری قوتابیانی زانستی، وە ببێتە مەنهەجێك کە خەڵك بەسەریا بڕۆن بۆ ئەوەی لە دیندا فێر بن، وە لێم وەربگرێت بەڕاستی خوای گەورە بیسەر و زانایە. (تمام المنة في التعليق علي فقه السنة / محمد ناصر الدين الألباني).